# تەنیایی لە مندا هەڵدەکا..!!



**ئاوێزان نوری** / کەرکوک

من پڕم لە ڕەنگەکانی تەنیایی.. ئەویش لە من
گەلا... گەلا... تەنیاییم لێ هەڵدەوەرێ.. ئەویش من
شەوان لە نێو باخەڵی حەسرەتەکاندا
تەنیایی بە خۆمدا دەدەم
بەیانیانیش بە زەنگی (ئەو) بە ئاگا دێمەوە
ئەو.. ئەوی ساقی
هەردەم لەسەر مێزی فیراق
تاڵی شەرابی تەنیایم پێ هەڵدەدا و..
بەسەرخۆشی..
بە کۆلانی تریفە کوژراوەکاندا
دەمنێرێتەوە بەر دەرگای..
ژورێک یاخی لە پەنجەرەوە..
پەنجەرەیەک یاخی لە میوانداریێتی مانگ و..
تەوقە کردن لەگەڵ ئەستێرەکاندا
بەسەرخۆشی..
دەمباتەوە بەر حاڵگرتنی ئەو دەفەی..
نێڵە نێڵێتی بەدەستی دەروێشێکی..
عاشق بە زیکرێکی سۆفیانەو..
تێکەڵ بوونێک لەگەڵ خودا
ئەوو..
ئەو سێبەرێکە
بە ڕۆح و جەستەمەوە لکاوە و..
بە تەک هەنگاوەکانمەوە..
پیاسەی تەنیاییم پێ دەکا
منی تەنیا و..
ئەویش لە کۆڕی ئەویندا..
بە نەغمەی حەسرەتێک
بە یاخی بوونی پەنجەکان
لەژەنینی کەمانچەی عاتیفە
شیعر و گۆرانی تەنیایی دەڵێتەوە

من تارمایی و..
ئەویش لە نێو دەفتەری بیرەوەریەکانیدا
دەمخاتە نێو دێڕی ئەو برینانەی..
ساڵ بە ساڵ.. فێری ژانەکانی تەنیایی دەکردن و..
ئەفسانە دەمنووسێتەوە
من درەختی زەمەنێکم.. تەنها تەنیایی دەگرم
ئەویش لە ژێر سێبەری گەڵا خوراوەکانی گومانم باڵدەکەوێ و..
بە تەمەوە..
دەستی نیگا بە باڵا لاوازەکەمدا دەهێنێ و..
بە قێزەوە دەم بۆ میوە گەییوەکانی قەدم دەبا
من تەنیا و..
لەگەڵ تەنیایی سەفەر دەکەم
ئەویش لە نێو هەناسەمدا گوزەر دەکا
من دەمەوێ خۆم لە تارمایی تەڵاق بدەم
ئەو دوبارە لە تەنیایی مارەم دەکا و..
گوزەی سەرشانی قەدەرم..
لە ئاوی مەراق پڕ دەکات
بۆشاییەکانی ئەم ژیانە بەچی پڕ دەبنەوە
ئەگەر بە تەنیایی نەبێ..؟
لە قوتابخانەی نامۆیی.
چی بڵێم و.. بخوێنمەوە
گەر وانەی تەنیای نەبێ..؟
لە حەزرەتی دەروانم.. کێ ببەمە عەرشی فەلەک
ئەگەر خوای تەنیایی نەبێ..؟
لەسەدەی کلۆڵیمدا
تەنیایی فرعەونێکە..
لە تابووتی جەستەمدا مۆمیا کراوە
لە ماڵی دۆزەخێکدا
تەنیایی ئاگرێکە
لە گوناهە بەربەریەکانم بەربووە
لە شارێکی نابەڵدا
تەنیایی میوانێکی زوگورتیە
لەسەر تەختی چارەنووسم.. نیشتەجێیە

• • •

خودا تەنیا و..
پایز تەنیا و..
گریانی پیاوێک لە وڵاتی غەریبی.. تەنیا
پێکەنینی ژنێک لە بەرامبەر ئاوێنەکەی تەنیا
زیندوویەک تەنیا دەمرێت و..
دەچێتە گۆڕێکی تاریکیش بە تەنیا
من تەنیا و..
لەگەڵ ئەویشدا هەر تەنیام
چ فەلسەفەیەکە تەنیایی
ئەو لە مندا
منیش لە ئەو..
هەردووکمان لە بێکەسیدا هەڵدەکەین

٢٠٠٥/٣/٢٤